# پشتیوانی

کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال، کە کەمپینێکی جیهانی یە دژ بە سیاسەتی جینۆسایدی گەلی کورد، پشتیوانی لەیاداشتنامەکەی کۆمیتەی بە گەڕخستنی هەوڵەکان بۆ دادگایی کردنی تاوانبار نەزار خەزرەجی دەکات، کەتێدا داوای پشتیوانی بۆ دادگایی کردنی نەزار خەزرەجی کردووە .

خەزرەجی سەرەك ئەرکانی سوپای عێراق و یەکێك لەبەرپرسان نەخشەکێشەرانی حکومەتی عێراقی بووە لەکاتی ئەنجامدانی شاڵاوەکانی کیمیاباران و ئەنفالدا لەساڵی ١٩٨٨ دا، کە لەئاکامدا بووە هۆی بەکۆمەڵ کوشتن و بێ سەروشوێن کردنی زیاتر لە ٢٠٠ هەزار مرۆڤی کوردی بێ تاوان.

هەروەها خوازیاری دادگایی کردنی سەرجەم سەرانی ڕژێمی شۆڤینیستی عێراق دەکەین.


**کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال**

**٢٠٠٢/٤/٢٠**

hacampaing@hotmail.com